هێڵی ئاسمانی عێراقی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی لە نێوان عێراق و ئازربایجانی ڕاگەیاند

هێڵی ئاسمانی عێراقی سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەمڕۆ هەینی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی لە نێوان عێراق و ئازربایجان ڕاگەیاند.

لێبەیاننامەیەکی وەزارەتدا هاتووە: بە پشتبەستن بە ڕێنماییەکانی وەزیری گواستنەوە ڕێزاق محەبس، بۆ فراوانکردنی شوێنەکانی گواستنەوەی نیشتمانی، کارگێڕی کۆمپانیای گشتی هێڵی ئاسمانی عێراقی دەستپێکردنەوەی کارەکانی ڕادگەیەنێت لە گەشتە بەرنامە بۆ داهاتووەکانی لە نێوان عێراق و ئازربایجان، کە لە بەرواری 10ی شوباتی 2024ەوە دەستپێدەکاتەوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆشکراوە : میکانیزمی جێبەجێکردنی گەشتە بەرنامە بۆ داهاتووەکان هەفتەی یەک گەشت دەبێت وەک قۆناغی یەکەم.